

قەیوان مەعروف:

# بە ئاواتەوەم تیپێکی باڵەی کچانمان هەبێت لەسەر ئاستی وڵاتان یاری بکات



دیمانە: کارزان کانەبی

**قەیوان لە دایکبووی ســاڵی ١٩٩٠ـە و دەرچووی پەیمانگەی وەرزشییە و یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یاریی تۆپی بالەیە لە شاری سلێمانی و لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش خاوەن تایبەتمەندیی خۆی بووە، قەیوان پێشتر لە هەریەك لە یانەکانی چوارقوڕنە و رانیەی دەروازە یاری کردووە، دواتر رووی لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کردووە، پێشتریش لەگەڵ یانەکان چەندین ئەنجامی بەرچاوی بەدەستهێناوە. ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.**

*** بۆچی یاریی بالەت هەڵبژارد؟**

-چونکە هەر لە منداڵییــــەوە خولیای ئەم یارییە بووم بە شـــێوەیەکی زۆر، دەتوانم بڵێم کچان بە شـــێوەیەکی گشتی حەز بەم یارییە دەکەن.

***ئاســتی یاریی بالە لە شـــارەکانی کوردســـتاندا چۆن دەبینی؟**

-تا رادەیەك باشــــە، بەڵام ئاستی کوڕان باشترە لە ئاستی کچان، چونکە کچان لە کوردستان پشتگوێ خراون.

***بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئەم یارییە پێشبکەوێت و پەرەی زیاتری پێبدرێت؟**

- هاوکاریی یانـــەکان بکرێت بۆ ئـــەوەی فێرگەیەك لە ئاســـتی منداڵان بکەنەوە، چونکە ئەم یارییە پێویستی بە بناغـــە هەیە بۆ ئەوەی لەســـەرەتاوە تەمەنە بچووکەکانیش فێـــری ئەم یارییە ببن بە مەرجێك راهێنەرێکی شـــارەزایان هەبێت.

***ئەی لەسەر ئاستی شاری سلێمانی لە چ ئاستێکدایە؟**

- تـــا رادەیەك باشـــە، دوو تیپی بالـــەی کچان هەیە لە شـــارەکەمان کە نوێنەرایەتیی شاری ســـلێمانی دەکەن لە پاڵەوانێتییەکان ئەوەش جێگەی دەستخۆشییە.

***کێشـــەو گرفتتان لە یانەی پێشـــمەرگەی ســـلێمانی چییە؟**

-تەنیا یانەی پێشـــمەرگە نا، بەڵکـــو هەموو یانەکان لە ئاســـتی کچان کەمتەرخەمن، بە داخەوە کچان پشـــتگوێ خراون ئەوەش کێشەکەیە.

***بۆچی ئافرەت لە شـــارەکانی کوردستان کەم بەشداریی وەرزش دەکات؟**

-هۆکارەکەی دواکەوتنـــی کۆمەڵگەیە،چونکە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە هۆشـــیار نین دەربارەی وەرزش، بۆیە رێگە بە کچان نادەن بێنە نێو بواری وەرزشییەوە .

***پەیامت چییە بۆ ئەو کچانەی وەرزش ناکەن؟**

-من بەو کچانە دەڵێم ئەوانەی ئارەزووی وەرزشیان هەیە با حەزەکانیان پشـــتگوێ نەخەن و وەرزش بکەن و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان زیاتر هەوڵبدەن.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك چییە؟**

-وەك کچە وەرزشکارێك هیوام وایە رۆژێك دابێت کوردستان تیپێکی کچانی هەبێت لەســـەر ئاستی وڵاتان یاری بکات، منیش یەکێك بم لەم کچانە.

***ئایا لە هەڵبژاردەی عێراق داوا کراویت؟**

-نەخێر تاکو ئێستا داوا نەکراوم .

*** کردنـــەوەی یەك پاڵەوانێتی لە ســـاڵدا تا چەند دەبێتە هۆی پێشکەوتنی ئەم یارییە؟**

- بێگومان یەك پاڵەوانیەتی هیچ سوودێکی نییە، ساڵێك مەشق دەکەی، جاری وا هەیە پاڵەوانێتییەکە بەڕێوەناچێت، یـــان دوادەخرێ، ئەوەش وا لە یاریـــزان دەکات کە بێ هیوا بێت.

***بۆ ئایندەی خۆت بەنیازی چیت؟**

-ئایندەی من تەنیا وەرزشە و بەردەوام دەبم لە وەرزشکردن لە بواری خۆم کە مامۆســـتام خزمەت بـــە وەرزش دەکەم، رەنگە هەنگاوی تریش بهاوێم، بەڵام جارێك دیار نییە.

***جگە لە یاریی تۆپی بالە چ یارییەکت ئەنجامداوە؟**

- یاریی دیکەشـــم ئەنجامداوە، وەکـــو یارییەکانی (تۆپی دەســـت، گۆڕەپان و مەیدان، تۆپی پێ)، بەڵام ماوەی ١٢ ساڵە یاریی بالە دەکەم و ئێستاش لەم یارییە بەردەوامم.

***وەرزش و پیشـــەکەت وەك مامۆســـتا تا چەند پێکەوە گرێدراون؟**

- من مامۆستای وانەی وەرزشیم و ئەوەش سوودی زیاترە بۆ من کە بەردەوام بم بۆ ئەوەی لەســـەر یاریی بالە زانیاری زیاتر بە قوتابییان بدەم.

*** هیـــچ یانەیەك داوای لی نەکردیت بۆ ئەوەی یاری بۆ بکەیت؟**

- بەڵـــێ چەند یانەیـــەك هەبووە، بەڵام مـــن لە یانەی پێشمەرگە ئاستم باشە و لەم یانەیە سەرکەوتوو دەبم.

***لە کۆتاییدا ئەگەر شتێکت مابێت باسی بکە؟**

-ســـوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، هیوادارم بەردەوام گرنگی بە تواناکانی یاریزانانی کچ بدەن لە یانەکان بۆ ئەوەی پەیامی خۆیان بگەیەنن.




# مارکۆ ڕیۆس خۆی بۆ خولی ئیسپانیا ئامادە دەکات

دوای ئەوەی دەستی بەفێربوونی زمانی ئیسپانی کرد، ئەستێرەی یانەی بڕۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی مارکۆ ڕیۆس ئارەزوو دەکات روو لە خولی ئیسپانی بکات.

ڕۆژنامەی میترۆی ئینگلیزی بڵاویکردۆتەوە هەرسێ یانەی بەناوبانگی ئینگلیزی چێلسی و ئەرسناڵ و مانچستەر یونایتد نزیك بوون لەئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ ئەستێرەی یانەی بڕۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی مارکۆ ڕیۆس، بەڵام ڕیۆس بەباشی دەزانێت روو لە لالیگا بکات، لای خۆیانەوە هەردوو جەمسەرەکەی خولی ئیسپانیا ریال مەدرید و بەرشلۆنە لـە هەوڵی بەدەسـتهێنانی تواناکانی ئەو یاریزانەن. هەروەها ڕۆژنامەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە پێشـبینی دەکرێت لەکۆتایی وەرزی ئەمساڵ لەگەڵ بەکۆتاهاتنی گرێبەستەکەی ڕیۆس دەستبەرداری بڕۆسیا دۆرتمۆند ببێت، یانەکەشی پێی باشترە ریۆس بڕواتە دەرەوەی خولی ئەڵمانیا لەجیاتی گواستنەوەی بۆ بایەرن میونشن .




# فابیۆ کوێنتراو جێگەی بایەخی یانەی خانمە پیرەکەیە

یانەی یوڤانتسـی ئیتالی لەهەوڵ بەدەستهێنانی یاریزانێکی بەرگریکاری باڵی چەپە بۆ پڕکردنەوەی شوێنی یاریزانی غانی نێودەوڵەتی کوادۆ ئەساموای کە بەهۆی پێکانەوە لەتیپەکەی دابڕاوە.

پێگەی کالچیۆ میرکاتۆ بڵاویکردۆتەوە بەرگریکاری نێودەوڵەتی پورتوگال و یانەی ریال مەدرید فابیۆ کۆینتراو چۆتە ریزی ئەو یاریزانانەی بونەتە جێی سەرنج و گرنگی راهێنەر ماسیملیانۆ ئەلیگری دوای ئەوەی تیپەکەی بەدەست زۆری پێکانەوە دەناڵێنێت. هەروەها یانەی یوڤی لەگەڵ چەندین یاریزانی دیکە لەمبارەیەوە گفتوگۆی کردووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشـاییەی لە ریزی تیپەکەی لەوانە ئەلیکسندەر کۆلارۆفی یاریزانی یانەی مانچستەر ستی و مارسیل شیلمزری یاریزانی یانەی بروسیا دۆرتمۆند .




# ڤیلاش بواش گەڕانەوەی بۆ پریمەرلیگ ڕەتدەکاتەوە

بەڕێوەبەری هونەری یانەی زینیت سـان بترسبرگی رووسـی ئەندریاس فیلاش بواش رەتیکردەوە بیر لە گەڕانەوە بۆ مەشـق و راهێنان بۆ خولی ئینگلیزی بکاتەوە.هەروەها بواش لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی توتو میرکاتۆی ئیتالی وتی: لەئێسـتادا بیر لە گەڕانـەوە بۆ پریمەر لیگ ناکەمەوە، چونکە من زۆر خۆشـحاڵم لە رووسـیا و نامەوێ بگەڕێمەوە و هیچ دانوسـتانێکیش لەگەڵ یانەی لیڤەرپولی ئینگلیزی لەئارادا نییە .

شایەنی وتنە بواش لە پێشتر ئەرکی راهێنەرایەتی هەریەك لە یانەکانی تۆتنهام و چێلسی لەئەسـتۆ گرتبوو بەر لەوەی لە وەرزی رابردوو لـە پریمەر لیگ بڕوات و پەیوەندی بەیانەی زینیتی رووسییەوە بکات .

# زێنەدین زێدان چاوی لە یاریزانێکی لاوی ئۆروگواییە

بەڕێوەبەری هونەری تیپی دووەمی یانەی ریال مەدرید زەینەدین زێدان لە پەیامێکدا بۆ یاریزانی لاو ڤاریلا کاستیا ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە یانەی ریال مەدرید ئامادەیە گرێبەست پێشکەش بە یانەی مانچستەر یونایتد بکات بۆ گواستنەوەی یاریزانی ناوبراو بەشێوەی یەکجارەکی لەبری ئەوی کە لە ئێستادا بەشێوەی خواستن هاتۆتە ریزی یانەی ریال مەدرید .

رۆژنامەی دەیلی ستار لەزاری زێدانەوە بڵاویکردۆتەوە یانەی ریال مەدرید دەتوانێت گرێبەستێك بەشێوەی کۆتایی پێشکەش بەیانەی شەیتانە سوورەکان بکات بۆ گواستنەوەی یاریزان ڤاریلا کاستیا بۆ یانەی شاهانە لەبری ئەوەی بەشێوەی خواستن بەردەوام بێت. هەروەها زێدان وتی: لەو کاتەی زانیاریم پێگەیشت لەبوونی یاریزانی ئۆرگوای ڤاریلا کاستیا لە ریزی یانەی مان یونایتد و ئاستی ئەو یاریزانەم بینی، زانیم کە ئەو دوارۆژێکی پرشنگداری دەبێت و من زۆر خۆشحاڵم کە مەشق و راهێنانی پێی دەکەم، چونکە یاریزانێکی لێهاتوو و ئاست بەرزە و مەترسی لەسەر تیپی رکابەر دروست دەکات. وا چاوەڕوان دەکرێت لەماوەیەکی نزیکدا زێدان لەگەڵ یانەی ریال تاوتوێی مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ ئەو یاریزانە بکات، بۆ ئەوەی تیپەکەی زیاتر سوودی لێ وەربگرێت.پێویستە بوترێت یاریزان ڤاریلا کاستیا لەئێستادا بەشێوازی خواستن بۆ ماوەی یەك وەرز لەگەڵ تیپی دووەمی یانەی ریال مەدرید یاری دەکات.

